Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# کاریگەری شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین لەسەر کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان

**هێمن حسین اسماعیل[1] - دلێر خالد حسن[2]**
**ڕۆشنا محمد احمد[3] - پشتیوان شفیق أحمد[4]**

[1+2+3+4]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

کۆچ بە ڕەگەزێکی گرنگی گەشەی ناسروشتی دانیشتوان دادەنرێت، لە دوای زیادبونی سروشتی، هۆکارێکی بەرپرسە لە گەشەی ناسروشتی دانیشتوان. کە بریتییە لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونی کەس و گروپ و خێزانەکان و نیشتەجێبونیان لە ژینگەیەکی نوێ، بە مەبەستی فەراهەمکردنی ژیان و گوزەرانێکی باشتر لە شوێنی نیشتەجێبونی پێشوتر.

کۆچ چەندین جۆری جیاوازی هەیە، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارەوە دروست دەبێت، هەروەها چەندین دەرئەنجامی (باش وخراپ)ی لێدەکەوێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ کاریگەری شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین لەسەر کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی ڕاپەڕین یەکێکە لە ئیدارە نوێیەکانی پارێزگای سلێمانی، لەم ئیدارەیەدا ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە بەتایبەتی لە چینی گەنجان کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات دەکەن، چەندین جار قوربانیشی لێدەکەوێتەوە، ئەم توێژینەوەیەش بە ئامانجی وردو زانستیانەی دەرخستنی کاریگەری شوێنی جوگرافیای ناوچەکەیە لەسەر ئەم دیاردەیە، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری شوێنی جوگرافی کاریگەری کردۆتە سەر زۆربونی دیاردەی کۆچکردن لەو ناوچەیە، لەوانە (هەڵکەوتەیی شوێنی جوگرافی، نزیکی لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ، دوری لە سەنتەری شارەکان، زۆری دانیشتوان و پێکهاتەی دانیشتوان و کەمی پرۆژەکانی وەبەرهێنان هتد..) خستنەڕوی ئامارەکانی ئەم کۆچەکە لەم ساڵانەی دویدا، و پێشنیارو چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی دەرئەنجامەکانی خراپەکانی ئەم دیاردەیە.

**کلیلە وشەکان:** پێگەی جوگرافی، کۆچی گەنجان، قوربانی کۆچ، ئیدارەی ڕاپەڕین، پێکهاتەی دانیشتوان.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35
**Received:** 18-July-2022
**Accepted:** 29-August-2022
**Published:** 29-September-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
hemn.hussein@uor.edu.krd
dler.khalid@uor.edu.krd
roshna.muhamad@uor.edu.krd
pshtiwan.shafeeq@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

**پێشەکی:**

دیاردەی کۆچکردنی مرۆڤەکان، مێژوویەکی دێرینی هەیە، زۆر جار هۆکارەکان مرۆڤ خۆی بون، وەکو هۆکاری (سیاسی ئابوری، ئارامی، کۆمەلایەتی، ئاینی، هەندێک جاریش هۆکارە سروشتییەکان پاڵنەربون وەکو (گرکان، بومەلەرزە، لافاو، وشکەسالی هتد...)

کۆچ تایبەت نییە بە کیشوەرێک یان ولاتێک یان ناوچەیەک و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، لە ئێستادا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و مەترسی و هەڕەشەشی دروستکردوە بۆ سەر کۆمەڵگا پێشکەوتو و خۆشگوزەرانەکان، وەکو ولاتانی خۆرئاوای ئەوروپاو ئەمریکاو ولاتانی پێشکەوتو. لە هەمانکاتدا بۆتە کارتێکی فشارش بۆ هەڕەشەکردن و نەرمی نواندن و دەستکەوت و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، وەکو ولاتانی تورکیا و ئۆکرانیا بەرامبەر بە ولاتانی ئەوروپا. بۆ فشار خستنەسەریان لە ڕوی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی. کۆچ هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لەو شوێنەی کۆچ دەکەن و لەو شوێنەی کە بۆی دەچن.

ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ کاریگەری شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین لەسەر دیاردەی کۆچ بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پێکهاتوە لە ناساندنی ناوچەی توێژینەوەو کۆچ و جۆرەکان.

**یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەستنیشانی کاریگەری هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای ئیدارەی ڕاپەڕین دەکات لەسەر زیادبون و بەردەوام بونی کۆچی گەنجان لەم دەڤەرە لەڕابردو و لەئێستادا.

**دوەم: ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوە و دەرخستنی دیاردەی زۆری کۆچی گەنجان لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ دەروەی هەرێمی کوردستان و خستنەڕوی بە داتا هەروەها ئاماژە پێدانی ژمارەی قوربانیانەکان و هۆکارەکانی لەسەروی هەموویانەوە هەڵکەوتەی شوێنی، ئامانجی سەرەکی هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کۆچی گەنجان لەم سنورە.

**سێیەم: کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوە بەشێوەی چەند پرسیارێک دەخەینەڕو.

١. ئیدارەی ڕاپەڕین لەڕوی هەڵکەوتەی شوێنی کاریگەری هەبوە لەسەر کۆچی گەنجان؟

٢. تایبەتمەندی دیموگرافیای ناوچەکە کاریگەری هەبوە لەسەر زۆری کۆچی گەنجان؟

٣. پەراوێزخستن لەڕوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و دوری ئیدارەی ڕاپەڕین کاریگەری هەبوە لەسەر بەردەوامی کۆچی گەنجان؟

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە:** گریمانە لە توێژینەوەی زانستی وەلامێکی پێشوەختە بۆ کێشەی توێژینەوەکە کە دەتوانین گریمانەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بخەینەڕو.

١. هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین لەڕابردو لەئێستادا بەرپرسە لە زۆری دیاردەی کۆچی گەنجان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

٢. تایبەتمەندی دیموگرافیای ناوچەکە لەناویاندا زۆری ژمارەی دانیشتوان و جیاوازی لە پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز کاریگەری هەبوە لەسەر کۆچی گەنجان.

٣. نەبونی پرۆژەی ستراتیجی گەورەی ئابوری لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین و دوری لەشارە گەورەکان وای کردوە گەنجەکان بۆ دەستخستنی هەلی کارو گۆڕانی ژیانی ئابوریان بیر لە کۆچ بکەنەوە بۆ دەرەوەی وڵات.

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکانی، پشت بەستراوە بە میتۆدی ئیستقرائی، لەهەمان کاتدا میتۆدی شیکاری و شیکاریی ئاماری و هەرێمی بەکارهاتوە، بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوە و چارەسەرکردنی داتاکان لەسنوری هەرێمێکی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین.

**شەشەم: پەیکەری توێژینەوە:** بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجێکی دروست، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر سێ تەوەرەی سەرەکی کە بریتین لە: تەوەرەی یەکەم: ناساندنی کۆچ و جۆرەکانی، تەوەرەی دوەم: ناساندنی شوێنی جوگرافی و کۆچ و قوربانی لە ئیدارەی ڕاپەڕین، تەورەی سێیەم: کاریگەری شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین لەسەر کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

## ١- تەوەرەی یەکەم: ناساندنی کۆچ وجۆرەکانی:

ئارەزوی کۆچکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مرۆڤ، هەروەها دانیشتوان لە جوڵەیەکی بەردەوامدان، جوڵەکەشیان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ئابوری خێراتربوە، بەتایبەت پێشکەوتن لە بواری گواستنەوە و گەیاندن (شوانی، ٢٠٠٩، ل ١٥٥)

### ١ – ١ ناساندنی کۆچ:

کۆچکردن شێوازێکی جوڵەی دانیشتوانە لە خاکێک کە شوێنی ڕەسەنی نیشتەجێبونی مرۆڤ خۆیەتی بۆ خاکێکی تر کە پێیدەگوترێت شوێنی گەیشتن یان شوێنی مەبەست (حسین، ٢٠٠٥، ص١٢٦)، هەروەها بەسەرچاوەی دوەمی گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان دادەنرێت. (محمد، ٢٠٠١، ص٧٧)، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر تایبەتمەندی دیمۆگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و خاسیەتە جیاوازەکانی دانیشتوان (أبو عيانة، ١٩٨٧، ص٦٣).

### ١ – ٢ جۆرەکانی کۆچ:

کۆچ چەندین جۆری هەیە لەوانە کۆچی تاکە کەسی یان کۆچی بەکۆمەڵ یاخود هەندێک جار کۆچ کاتیە یاخود هەمیشەیە یاخود ناوخۆییە یاخود دەرەکییە زۆرجار یاساییە یان نایاساییە یان نێودەوڵەتییە یان هەرێمییە لەمیانی هەمو ئەو جۆرە کۆچە، بەڵام نەتوانراوە ڕاڤەیەکی گشتگیرو تێرو تەسەل و تەواو بۆ هۆکارو کاردانەوەکانی بکرێت تێگەیشتن لەم دیاردەیە بەئاستەم دادەنرێت، مەگەر لەڕێگەی بەرابەرکردنیەوە لەهەمو بوارەکانی جوگرافی و دیمۆگرافی و ڕۆشنبیری و دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاساییەوە، لێرەدا بەر لەباسکردنی هۆکار و دەرئەنجامەکانی کۆچ پێویستە ئاماژە بەجۆرەکانی کۆچ بکەین بەم شێوەیە:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

**١ – ٢ – ١ کۆچ لە ڕوانگەی جوڵەی شوێنی:**

١. **کۆچی ناوخۆیی** (internal migration) بریتییە لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونی دانیشتوان لە سنوری یەک وڵاتدا، بۆ نمونە کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار، یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر.

٢. **کۆچی نێودەوڵەتی** (international migration) مەبەست لێی جوڵە یان کۆچی دانیشتوانە لە شوێنی نیشتەجێبونی ڕەسەنی وڵاتەکەی خۆیەوە بەرەو وڵاتێکی تر، بەشێوەیەک کە سنوری وڵاتەکەی خۆی بەزاندوە و لەوڵاتێکی تر نیشتەجێ بوە. (حسێن، ٢٠١٩، لا٨٢).

**١ – ٢ – ٢ کۆچ لە ڕوانگەی ماوەی مانەوەی کۆچکەر:**

١. **کۆچی هەمیشەیی:** ئەم جۆرە کۆچکەر بڕیاردەدات بەشێوەیەکی هەمیشەیی شوێنی نیشتەجێبونی یەکەمی بەجێبهێڵێت و لە شوێنی دوەمی کە بۆی دەچێت نیشتەجێبێت و بمێنێتەوە، وەکو کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار، یان کۆچکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر.

٢. **کۆچی کاتی:** ئەم جۆرە کۆچە کاتێک ڕودەدات، کە کۆچکەر دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبونی یەکەمی خۆی واتە مەرج نییە ئەو کۆچە بۆ هەمیشەیی بێت(ابراهیم،١٨٦،٢٠١٥)، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی (کورت، درێژ) لە شوێنێکی تر ماوەتەوە لە ناوخۆیی وڵات بێت یان دەرەوەی وڵات، ئەم جۆرە کۆچی وەرزی و ڕۆژانەش دەگرێتەوە.

**١ – ٢ – ٣ کۆچ لەڕوی ئارەزوی کۆچکەر:**

١. **کۆچی ئارەزومەندانە:** ئەم جۆرە کۆچەیە کە کۆچکەر بەتایبەت تاکە کەس پاشان گروپ و خێزانەکانەکان بە ئارەزوی خۆی شوێنی خۆی دەگۆڕێت و هیچ کەسێک و لایەنێک بەبێ هیچ دەستێوەردان و فشارێک ناچاری ناکات بۆ ئەوەی کۆچ بکات، وەکو کۆچکردن لەلادێوە بۆ شار یان شارێکی بچوکەوە بۆ شارێکی گەورە یان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکر تر.

٢. **کۆچی ناچاری (زۆرەملێ):** ئەم جۆرە کۆچە بریتییە، لە کۆچپێکردنی دانیشتوانی ناوچەیەک کە بەزۆری بە کۆمەڵە، بە ناچاری کە شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان بگۆڕن بۆ شوێنێکی تر بە هۆکارێکی سیاسی و سەربازی و ئابوری و دیموگرافی وژینگەیی هتد... وەکو ڕاگواستنی بەناچاری دانیشتوانی گوندو شارەکارەکانی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی بەعسدا، هەروەها کۆچکپێکردنی دانیشتوانی کیشوەرەی ئەفریقا بۆ هەردو ئەمریکا. و کۆچکردن بە هۆی کارەساتێکی سروشتی (وشکەساڵی، بومەلەرزە هتد). (شوانی، ٢٠٠٩، ل ١٦٢_١٦٦).

**٢- تەوەرەی دوەم: ناساندنی شوێنی جوگرافی و کۆچ و قوربانی لە ئیدارەی ڕاپەڕین(*)**

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دیاریکردنی تەوژم و ئاراستەی کۆچ، بەگشتی جوگرافیا لەڕوی سروشتی و ڕامیارییەوە ناوچەیەکی لەبارە بۆ کۆچ وسەفەر. (جەبار، ٢٠٠١، ل١٦٣) بێگومان ئەوانەی کە کۆچ دەکەن دەزانن هەندێک جار ڕوبەڕوی مەرگ دەبنەوە، چونکە ڕێگاکە یان دەریای بێ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

بنە، یاخود تەلبەند و لێدان و سەرماو سۆڵەی سنورەكان. هەڵكەوتەی جوگرافی بەرپرسە لەسەر بەركەوتنی پشكی زیاتری قوربانیان ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی كۆچبەران.

## ٢ – ١ ناساندنی شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین:


ئیدارەی ڕاپەڕین دەكەوێتە بەشی باكوری خۆرئاوای پارێزگای سلێمانی و بەشی باكوری خۆرهەڵاتی هەرێمی كوردستان نەخشەی (٢ – ١)، لەڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە ئیدارەی ڕاپەڕین دەكەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (=٥ : ⁻٢١ : ٣٦°) و (=٨ : ⁻٤٥ : ٣٦°) باكورو هەردو هێڵی درێژی (=٦ : ⁻٣٢: ٤٤°) و (=٧ : ⁻٢٢ : ٤٥°) خۆرهەڵات، (Arc Gis.v.10.8 )

سنوری كارگێڕی ئەم ئیدارەیە، دەست پێدەكات لە بەشی خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتی ئێران و لە بەشی باكورو خۆرئاوا لەگەڵ هەریەكە لە قەزاكانی (چۆمان و سۆران و كۆیە)، كە سەر بە پارێزگای هەولێرن و لەبەشی باشورەوە لە گەڵ قەزای دوكان سەر بەپارێزگای سلێمانییە نەخشەی (٢ – ٢).

ئیدارەی ڕاپەڕین پێكهاتوە لە (١١) یەكەی كارگێڕی، كە بریتییە لە (٢) سەنتەری قەزاو (٩) ناحیە و (٣٧٨) گوند، خشتەی (٢–١) ڕوبەری ئەم یەكە ئیدارەیە (٢٢٢٣,١)كم² (Arc Gis.v.10.8).

نەخشەی (٢ – ١)

نەخشەی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی كوردستان




سەرچاوە: كاری توێژەران پشت بەست بە:ـ

١. بەرنامەی (Arc GIS 10.5).


٢. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەكنەلۆجیایی زانیاری (GIS)، ٢٠٢١



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

## نەخشەی (٢–٢)

## نەخشەی ئەسترۆنۆمی و کارگێڕی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە:ـ

١. بەرنامەی (Arc GIS 10.8).

٢. حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سـلێمانی، سـەنتەری تەکنەلۆجیایی زانیاری (GIS)، ٢٠٢١

## خشتەی (٢–١)

## یەکە کارگێڕی و ژمارەی گوندەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین

| یەکەی کارگێڕی (قەزا) | ناحیە | ژ. گوند | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| **ڕانیە** | سەنتەری ڕانیە | ٣ | ١٠٥ |
| | چوارقورنە | ١١ | |
| | حاجیاوا | ١٣ | |
| | بێتواتە(سەروچاوە) | ٢٨ | |
| | سەرکەپکان | ٥٠ | |
| **پشدەر** | سەنتەری قەڵادزێ | ٤٤ | ٢٧٤ |
| | هێرۆ | ١٩ | |
| | سەنگەسەر | ٧١ | |
| | هەڵشۆ | ٦٣ | |
| | ژاراوە | ٤١ | |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئیسێوە | ٣٦ | |
| کۆی گشتی | ١١ | 379 | |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری پشدەر، زانیاری لەسەر گوندەکان و ژمارەی دانیشتوانیان بۆ ساڵی (٢٠٢٠)، داتای بڵاونەکراوە.

## ٢ – ٢ کۆچ و قوربانی لە هەرێمی کوردستان و ئیدارەی ڕاپەڕین

سەبارەت بە دیاردەی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤_٢٠٢٢(*)) بەپێی ئەو داتایانەی لە بەردەستدایە (١١٦٥٠٠کەس) کۆچیان کردوە بۆ دەرەوە وڵات، لەو ژمارەیەش بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠١٨_٢٠٢٢)، (١٥٦٠٠) کەسیان دانیشتوی ئیدارەی ڕاپەڕین بون، کە لە (١٣،٣%)، ئەگەر داتایی پێش ساڵی (٢٠١٨) لەبەردەست بوایە، ڕێژەی کۆچکەرانی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین زیاتردەبو. خشتەی (٢ – ٢) و شێوەی (٢ – ١) و (٢ – ٢).

خشتەی (٢ – ٢)

ژمارەی کۆچکەر و قوربانی لە هەرێمی کوردستان و ئیدارەی ڕاپەڕین٢٠١٤_٢٠٢٢

| ساڵ | ژمارەی کۆچکەر لەهەرێمی کوردستان | ژمارەی کۆچکەر لەئیدارەی ڕاپەڕین | ڕێژەی% ئیدارەی ڕاپەڕین لەسەر ئاستی هەرێم | ژمارەی قوربانی لەهەرێمی کوردستان | ژمارەی قوربانی لەئیدارەی ڕاپەڕین | گەڕانەوەی تەرمی قوربانی بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٤ – ٢٠١٧ | ٣٧٥٠٠ | — | — | ٩٨ | ٢٨ | — |
| ٢٠١٨ – ٢٠١٩ | ٢٤٠٠٠ | ١٨٠٠ | % ٧،٥ | ٥٢ | ٩ | — |
| ٢٠٢٠ – ٢٠٢١ | ٢٧٠٠٠ | ٦٠٠٠ | % ٢٢،٢ | — | ٣٦ | ٢ |
| ٢٠٢١ – ٢٠٢٢ | ٢٨٠٠٠ | ٧٨٠٠ | % ٢٧،٨ | ١٥١ | ٤١ | ١ |
| ٢٠١٤ – ٢٠٢٢ | ١١٦٥٠٠ | ١٥٦٠٠ | % ١٣،٣ | ٣٠١ | ١١٤ | ٣ |
| ڕێژەی% | | | | % ١٠٠ | % ٣٧،٧ | % ٢،٦ |

سەرچاوە: کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان، داتایی بڵاونەکراوە،٢٠٢٢.

زۆرترین ژمارەی کۆچکردن بۆ دەرەوە وڵات لە ئیدارەی ڕاپەڕین لە نێوان ساڵی (٢٠٢١_٢٠٢٢)، کە (٧٨٠٠) کەس کۆچیان کردوە، کە لە (٢٧،٨%) کۆچکەرانی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە. ئەمەش بەهۆکاری خراپی باری (ئابوری و دەستنەکەوتنی کار و خراپی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاسنکاری بۆ چونەدەرەوە لەڕێگەی کەس و کۆمپانیاکان وچاولێکەری هتد)، بو، شێوەی (٢-١)


سەبارەت بەژمارەی قوربانیەکانی کۆچ لەئیدارەی ڕاپەڕین، لەنێوان ساڵی (٢٠١٤ – ٢٠٢٢) (١١٤) کەس بونەتە قوربانی کە لە (٣٧،٧%) قوربانیانی کۆچ پێکدەهێنێت لەو ماوەیە لە هەرێمی کوردستان شێوەی (٢-٢)، کە بەهۆکاری جیا (خنکان لە دەریاکانی نێوان تورکیاو یۆنان وئیتالیا، ڕوداوی هاتوچۆ، ڕەقبونەوە لە سەرما


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

هتد..) گیانیان لە دەســـتداوە، لەو ژمارەیە تەنها (٣) قوربانی تەرمەكانیان گەڕێندراوەتەوە بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین، (دەكرێ لە داهاتو ژمارەی گەڕانەوەی قوربانییەكان زیاتربێت)، هۆكاری گەڕانەوەی كەمی قوربانیەكانیش، بەهۆی بێسەروشوێنبونیان و نەدۆزینەوەی تەرمەكانیان لە دەریا، جگەلەوەش بڕێكی زۆر پارەی پێویستە بۆ گەڕان وپشـــكنین و گەڕانەوەیان بۆ هەرێم بەجۆرێک بۆگەڕانەوەی تەنها یەک تەرم لە (یۆنانەوە بۆ هەرێم ٤٥٠٠ یۆرۆیە، لە ئیتالیاوە بۆ هەرێم (٥٠٠٠) یۆرۆیە، لە فەرەنســـاوە بۆ هەرێم (٦٥٠٠) یۆرۆیە. (بكر علی بەگ، سەرۆكی كۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەكان بۆ هەرێم،٢٠٢٢).

شێوەی (١ – ١)


ژمارەی كۆچكەر لە هەرێمی كوردستان و ئیدارەی ڕاپەڕین ٢٠١٤_٢٠٢٢




سەرچاوە: پشت بەست بە خشتەی (٢ – ٢)

شێوەی (٢ – ٢)

ژمارەی قوربانی لە هەرێمی كوردستان و ئیدارەی ڕاپەڕین ٢٠١٤_٢٠٢٢




سەرچاوە: پشت بەست بە خشتەی (٢ – ١)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

### ٣ - تەورەی سـێیەم: کاریگەری شـوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین لەسـەر کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان

شوێن لە توێژینەوەکانی جوگرافیا، گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، چونکە شوێنی ناوچەو هەرێم ولاتەکەو شوێنی ناوچەکە بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی، ئاووهەوا یان بەگوێرەی ولاتان و ڕوبەرە ئاوییەکان هتد.. دیاری دەکات. هەرچەندە شـوێنی جوگرافی جێگیرەو ناگۆڕدرێت، بەڵام بەها ڕامیاری و سـتراتیژییەکەی بەردەوام لە گۆڕاندایە. بەگوێرەی گۆڕانی کات و پێشـکەوتنی ئابوری و تەکنەلۆژیا، بەڵام لە ئێسـتادا شـوێن تەنها لەوەدا نەماوەتەوە، بەڵکو شـوێن بۆتە دەرامەتێکی سـروشـتی دەکرێت، وەبەربهێنرێت، لەبەرئەوە شـوێنی جوگرافی کاریگەری لەسـەر زۆرێک لە هۆکارو دەرئەنجام و ڕەهەندەکانی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەلایەتی لەخۆدەگرێت و کاریگەرییەکانی بەجێدەهێڵێت، و بنچینەیەکە ڕەنگدانەوەی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر ئاراسـتەی ڕامیاری و سیاسی و ناوخۆیی و دەرەوەی هەرێمەکە دەبێت. (ڕزگار، ٢٠١٧، ل٢٩_٣٠)

#### ٣ – ١ شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین:

ئیدارەی ڕاپەڕین بە هەردو قەزای ڕانیەو پشـدەر مێژویەکی درێژیان هەیە لەسـەر دیاردەی کۆچکردن بۆ دەرەوەی هەرێم، بەڵام ئەوەی ئێمە لەو توێژینەوەیە مەبەسـتمانە ئەو کۆچەیە کە لە چەندین سـاڵی ڕابردو ڕویانداوە، و زۆربونی ئەو دیاردەیە لەو ناوچەیە، لە گرنگترین کاریگەری شـوێنیش لەسـەر ئەو دیاردەیە بریتین لە:

##### ٣ – ١ – ١ هەڵکەوتەی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین لەگەڵ ولاتانی دراوسێ:


هەڵکەوتەی ئیدارەی ڕاپەڕین، بەتایبەتی بەشـی باشـوری خۆرهەلات (باکوری قەزای پشـدەر) کە بەدرێژایی (٧٧,٦٢ کم٢) هاوسـنورە لەگەڵ ولاتی ئێران هەروەها بونی چەند مەرزێکی نافەرمی لەگەڵ سـنوری ئێران کە لەڕابردودا بەشـیکی زۆری دانیشـتوانی سـنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بەم ڕێگایانەدا گوزەریان دەکرد بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ ولاتانی ئەوروپا لەگرنگترینیان مەرزی (کێلی و قاسمەڕەش)، نەخشەی (٣ – ١) کاریگەری هەبوە لە سـەر چونە دەرەوەی هاوولاتیانی ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ ولاتی ئێران بە ڕێگای یاسـایی و نایاسـایی بەتایبەتی لە ساڵانی ڕابردو، بە هۆی نەبونی هۆکاری گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

نەخشەی (٣ – ١)

سنوری نێودەوڵەتی ئیدارەی ڕاپەڕین لەگەڵ وڵاتی ئێران




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە:ــ

١. بەرنامەی (Arc GIS 10.8/).

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیایی زانیاری (GIS)، ٢٠٢١.

## ٣ – ١ – ٢ هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین بەگوێرەی دوری لە سەنتەری شارە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان.

ئیدارەی ڕاپەڕین دورە لە ناوەندی شارە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ هەردو شاری (هەولێرو سلێمانی) دورە، خشتەی (٣ – ١) و جگە لە دوریش، خراپی ڕێگاوبان کە هەردو ڕێگاکە بەشی هەرە زۆری یەک سایدن، نەبونی هۆکاری گشتی پێشکەوتوی هاتوچۆ، کاریگەری هەبوە لەسەر جۆرێک لە یەکدابڕان، بەتایبەتی بەئاسانی دەست نەگەیشت بەکار لەلایەن گەنجان، ئەمەش وای کردوە زیاتر کۆچ بکەن بۆ دەورەی هەرێم.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

خشتەی (٣ – ١)

دوری ئیدارەی ڕاپەڕین لە ناوەندی شارە سەرەکییەکان

| ڕێگا | جۆرەکەی | درێژیەکەی/کم٢ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| **ئیدارەی ڕاپەڕین_سلێمانی** | قیر | ١٣٦ | هەردو ڕێگاکە بەشی هەرە |
| **ئیدارەی ڕاپەڕین_هەولێر** | قیر | ١٣٣ | زۆری یەک سایدن |

سەرچاوە: ڕۆشنا محمد احمد، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ تۆڕی ڕێگاکانی گواستنەوە لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافییەکان (GIS)، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٩. بڵاونەکراوە.

## ٣ – ١ – ٣ پەراوێزخستنی ئیدارەی ڕاپەڕین و کەمی پرۆژەکانی وەبەرهێنان

بەگوێرەی داتاکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵی (٢٠٢١-٢٠٠٦)، وەبەرهێنان لە ١٣ سێکتەری جۆراوجۆر (بازرگانی، بانکەکان، تەندروستی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، گەشتیاری، گەیاندن، گواستنەوە، فێرکردن، کشتوکاڵی، نیشتەجێبون، هونەری، وەرزش) کراوە، لە کۆی ٩٩٨ پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کە ئەنجام دراون، تەنها ١٧ پرۆژە لە ئیدارەی ڕاپەڕین بوە، کە لە (١,٧%) دەکات، بەبڕی (٢٤٩ملیۆن/ دۆلار)، کە لە (٠,٤%) دەکات، کە زۆر کەمە بە بەراورد لە سەنتەری پارێزگاکان خشتەی (٣ – ٢)، جگە کەمی و پەراوێزخستنی ئیدارەکە لەڕوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، لەلایەکی ترەوە زۆربەی پرۆژەکانی ئیدارەکە بەهۆی نەبون و تەرخاننەکردنی بوجە وەستێراون، کەمی پرۆژەی وەبەرهێنان و وەستانیان کاریگەری هەبوە لەسەر کەمی و نەبونی دەرفەتی کار بەتایبەت بۆ گەنجان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هۆکارێکی ئابوری کاریگەر بۆ کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

خشتەی (٣ – ٢)

ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و بڕی پارەی تەرخانکراو لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٦_٢٠٢١)

| شوێنی جوگرافی | ژمارەی پرۆژە | ڕێژە % | بڕی پارە بە /دۆلار | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | ٤٤٩ | ٤٤,٩ % | ٣٥ ملیار دۆلار | ٥٩,٣ % |
| **سلێمانی** | ٢١٩ | ٢١,٩ % | ١٦ ملیار دۆلار | ٢٧,١ % |
| **دهۆک** | ٢٧٦ | ٢٧,٦ % | ٦ ملیار دۆلار | ١٠,١ % |
| **گەرمیان** | ٣٣ | ٣,٣ % | ٧٢٤ ملیۆن دۆلار | ١,٢ % |
| **ئیدارەی ڕاپەڕین** | ١٧ | ١,٧ % | ٢٤٩ ملیۆن دۆلار | ٠,٤ % |
| **هەڵەبجە** | ٤ | ٠,٤ % | ١٧ ملیۆن دۆلار | ٠,٠٢ % |
| **کۆی گشتی** | ٩٩٨ | ١٠٠ % | نزیکەی ٥٩ ملیار دۆلار | ١٠٠ % |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنان، ئاماری بڵاوکراوە ٢٠٠٦-٢٠٢١.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

## ٣ – ١ – ٤ دیمۆگرافیای ئیدارەی ڕاپەڕین و کاریگەری لەسەر کۆچ

دانیشـــتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین ســـەردەمێکە ئاشـــنان لەگەڵ کۆچ ئەمەش بۆ چەندین فاکتەری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە لەوانە جیاوازی تـایبەتمەنـدییەکـانی دانیشـــتوان ئـیدارەی ڕاپەڕین لێرەدا بەوردی ئەم فـاکتەرە دەیخەینەڕو بەم شێوەیە:

### یەکەم: ژمارەی دانیشتوان

یەکێکی تر لەهۆکارە کاریگەرەکان لەســـەر کۆچکردن، کۆبونەوەی زۆری ژمـارەیەکی زۆری دانیشـــتوانە لەئیدارەی ڕاپەڕین، بەجۆرێک ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٢٠ (٤١٥٤٨٤) کەس بوە، کە لە (٢٢,٤%) دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت، کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانە بە بەراوارد بەقەزاکانی دەوروبەری سـلێمانی، بەجۆرێک بە ٨ هەشـت قەزاکانی تری دەوروبەری سـلێمانی ژمارەی دانیشـتوانیان لە (٢٢,٧%)ی پارێزگای سلێمانییە، خشتەی (٣–٣).

### دوەم: دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان

سـەبارەت بە دابەشـبونی ژینگەیی دانیشـتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین لە (٨٤,٧%) دانیشـتوان لە سـەنتەری شـارو شـــارۆچـکەکـان نـیشـــتەجـێـین، و لە (١٥,٣%) لە لادێـیەکـان نـیشـــتەجـێـن خشـــتەی (٣ – ٣)، دەرکەوتوە.

خشتەی (٣ – ٣)

دابەشبونی جوگرافی و ژینگەیی لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی٢٠٢٠

| شوێن | | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی% لەسەر ئاستی پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین | شارنشین | ڕێژەی شارنشین لەسەر ئاستی قەزا | ڕێژەی شارنشین لەسەر ئاستی پارێزگا | گوندنشین | ڕێژەی گوندنشین لەسەر ئاستی قەزا | ڕێژەی گوندنشین لەسەر ئاستی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی سلێمانی | | ١٠٢٠٣٦٧ | ٥٤,٩ | ١٠٢٠٣٦٧ | ٥٤,٩ | ٩٤٠٣٧٤ | ٩٢,٢ | ٥٩,٧ | ٧٩٩٩٣ | ٧,٨ | ٢٨,١ |
| ئیدارەی ڕاپەڕین | رانیە | ٢٦٦٥٤٦ | ١٤,٣ | ٤١٥٤٨٤ | ٢٢,٣ | ٢٣٥٤٠٦ | ٨٨,٣ | ٢٢,٠ | ٣١١٤٠ | ١١,٧ | ٢٤,٣ |
| | پشدەر | ١٤٨٩٣٨ | ٨,٠ | | | ١١٠٩٨٢ | ٧٤,٥ | | ٣٧٩٥٦ | ٢٥,٥ | |
| سیدسادق | | ٩٩٩٩٧ | ٥,٤ | ٤٢٣٢٦٥ | ٢٢,٨ | ٧١٣١٨ | ٧١,٣ | ٤,٥ | ٢٨٦٧٩ | ٢٨,٧ | ١٠,١ |
| دوکان | | ٨٤٢٥٢ | ٤,٥ | | | ٥١٤٧٧ | ٦١,١ | ٣,٣ | ٣٢٧٧٥ | ٣٨,٩ | ١١,٥ |
| شارەزور | | ٨٠٣٨٥ | ٤,٣ | | | ٧٠١٨٢ | ٨٧,٣ | ٤,٥ | ١٠٢٠٣ | ١٢,٧ | ٣,٦ |
| دەربەندیخان | | ٥٧٨٥٤ | ٣,١ | | | ٥٣١٢٨ | ٩١,٨ | ٣,٤ | ٤٧٢٦ | ٨,٢ | ١,٧ |
| پێنجوێن | | ٥٢٩٤٩ | ٢,٨ | | | ٢٩٠٩٢ | ٥٤,٩ | ١,٨ | ٢٣٨٥٧ | ٤٥,١ | ٨,٤ |
| شارباژێر | | ٢٤٤٢١ | ١,٣ | | | ٨٠٥٨ | ٣٣,٠ | ٠,٥ | ١٦٣٦٣ | ٦٧,٠ | ٥,٨ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەرەداغ | ١٢٧٠٠ | ٠,٧ | | | ٣١١٠ | ٢٤,٥ | ٠,٢ | ٩٥٩٠ | ٧٥,٥ | ٣,٤ |
| ماوەت | ١٠٧٠٧ | ٠,٦ | | | ١٧١٥ | ١٦,٠ | ٠,١ | ٨٩٩٢ | ٨٤,٠ | ٣,٢ |
| پارێزگای سلێمانی | ١٨٥٩١١٦ | ١٠٠ | ١٨٥٩١١٦ | ١٠٠ | ١٥٧٤٨٤٢ | ٨٤,٧ | ١٠٠ | ٢٨٤٢٧٤ | ١٥,٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، ئابی٢٠١٤، ل١٠.

ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان لە شارەکان و نەبونی دەرفەتی کار بەتایبەت بۆ گەنجان، ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێم. واتە دوابەدوای ئەوەی کە دانیشتوانی گوندەکان کۆچ دەکەن بۆ سەنتەری شارەکان و لەوێدا دوچاری کێشەی بێکاری دەبنەوە بەم هۆیەوە بەناچاری پەنا دەبەنە بەر ئەوەی کە کۆچ بکەن و ڕزگاربن لەم بێکاریە لەهەمان کاتدا پیشەی گوندنشینیشان لەدەست داوە.

## سێیەم: پێکهاتەی دانیشتوان

بونی گۆڕانی پێکهاتەی دانیشتوان لەهەر کۆمەڵگایەک ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆی لایەنەکانی تری ژیان و گوزەرانی کومەڵگا لەسەروی هەموشیانەوە سەرهەڵدانی کۆچ و گەڕان بەدوای ژیانێکی خوشگوزەران و بێ گرفت و بەدەستهێنانی دەسهاتی ئابوری زیاتر لێرەدا باس لەو تایبەتمەندیانەی پێکهاتەی دانیشتوان دەکەین لە ئیدارەی ڕاپەڕین، کە چۆن کاریگەریان هەبوە لەسەر دروستبونی ئاراستەی کۆچ. بەم شێوەیە:-

### أ. (تەمەن و ڕەگەز)

لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی (جۆر و تەمەن)ی دانیشتوان گرنگیەکی زۆری هەیە لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەدانیشتوانەوە، بەجۆرێک بەسەرچاوەیەکی بنچینەی ئەژماردەکرێت بۆ پلاندانەران و نەخشەسازان لەهەریەک لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، هەروەها ناتوانرێت هیچ هەنگاوێکی پەیوەست بە پلاندانانەوە بنرێت بەبێ بونی زانیاری لەسەر ژمارەی ڕەگەزی نێر و مێ لە گروپە جیاوازەکانی تەمەندا. (حمەیوسف، ٢٠١٥، ل١٠٢).

لەڕوی پێکهاتەی تەمەن لە لە (٦٠,٦%) دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین، تەمەنیان لە نێوان (١٥ – ٦٤) ساڵ دایە، کە ئەو گروپەی تەمەنە، بە گروپی هێزی کارو گەنج دەناسرێن، کە ئەرکی هەردو گروپەکەی تریان لە سەرە (منداڵان و بەتەمەکان)، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەوانەی کە کۆچیش دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات لەو گروپەن، کە بە گروپی گەنج ناسراون، هەروەها زۆربەشیان لە ڕەگەزی نێرن،کە لە (٣٠,٦%) دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین پێکدەهێنن. خشتەی (٣ – ٤) و شێوەی (٣ – ١)، جگە لەمەش ئەم گەنجانە کاریگەریان لە سەر یەکتر هەبوە لەڕوانگەی هاوڕێیەتی، ئەمەش وای کردوە بەکۆمەڵ کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات. هەروەها ئەوانەی پرۆسەی هاوسەرگیریشان پێکدەهێنن یان پێکهێناوە، دەبنە هۆی کۆچپێکردنی ڕەزگەی مێ یان لێکجابونەوەیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

خشتەی (٣ – ٤)


پێکهاتەی دانیشتوان، گرووپی (تەمەن و ڕەگەز) لە ئیدارەی ڕاپەڕین

| گرووپی تەمەن | ڕێژەی % لە کۆی دانیشتوان | نێر % | مێ % |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١٥ ساڵ | ٣٥,٦ | ١٧,٩ | ١٧,٧ |
| ١٥-٦٤ ساڵ | ٦٠,٦ | ٣٠,٦ | ٣٠ |
| ٦٥ ساڵ و زیاتر | ٣,٨ | ١,٩ | ١,٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٥٠,٤ | ٤٩,٦ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئاماری دیموگرافی و ژمارەی دانیشتوانی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی بەپێی گرووپی تەمەن و ڕەگەز و قەبارەی خێزان و ڕێژەی شارنشین و ژمارەی دانیشتوان و خێزان و ڕووبەر بۆ ساڵی (٢٠١٩)، چاپکراوە بە کۆمپیتەر (بڵاونەکراوە)، بەبێ ژمارەی لاپەڕە.

شێوەی (٣ – ١)

هەرەمی پێکهاتەی دانیشتوان (ڕەگەزی نێرو مێ) بەگوێرەی گرووپی تەمەن لە ئیدارەی ڕاپەڕین




سەرچاوە: خشتەی (٣ – ٤).

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (عەشیرەت)، ئیدارەی ڕاپەڕین پێکهاتوە لە هەریەکە لە عەشیرەتەکانی (خۆشناو، جاف، ئاکۆ، بڵباس، مەنگوڕی، مامەش، پشدەری، وەخاخ) نەخشەی (٣ – ٢) و (٣ – ٣)، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر کۆچی گەنجانی ئەم عەشیرەتانە بۆ دەرەوەی وڵات لە ڕوانگەی پایەی کۆمەڵایەتی و چاولێکەری. هەرچەندە بەشێکیان کێشەی داراییان نییە، بەڵام بەهۆی چاولێکەری کۆچ دەکەن. بەتایبەت لەنێوان لاوان، چونکە لاوان توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگان، هۆکارە کۆمەڵاتییەکان کاریگەری بەرچاویان لەسەریان دەبێت،




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

ئەوان تینوی ئازادی و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکانن، لاســــایی کردنەوەو چاولێکردن ســــیمایەکی دیاری ئەم توێژەیە(نەقشەبەندی،١٨٦،٢٠١٣)

نەخشەی (٣ – ٢)

دابەشبونی جوگرافی عەشیرەتەکان لە قەزای پشدەر





سەرچاوە: دانا عباس محمد، نواندنی نەخشەیی بۆ دانیشتوانی قەزای پشدەر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠٢٢. بڵاونەکراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

نەخشەی (٣ – ٣)

دابەشبونی جوگرافی عەشیرەتەکان لە قەزای ڕانیە




سەرچاوە: سیروان محمد مهدی، شیکردنەوەیەکی شوێنی نشیگە دیهاتییەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپیدانیان، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧. بڵاونەکراوە.

ئەم دیاردەی کۆچە لە ئێدارەی ڕاپەڕین، کاریگەری باش و خراپی لە سەر ناوچەکە بە جێدەهێڵێت، لە کاریگەرییە باشەکانی، وەکو گەڕانەوەی پارە بۆ ناو وڵات، کەمبونەوەی فشار لە سامانی وڵات و ئیش و کار، گەڕانەوەی کۆچبەران بە شارەزایی و توانایی زیاتر و فێربونی زمانی بیانی....هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

لە کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر ناوچە، کەوتنەوەی قوربانی، خەرجکردنی برە پارێکی زۆر بۆ چونە دەرەوە، کەمبونەوەی دەستی کار بەتایبەتی گەنجان، بەجێهیشتنی خێزان و منداڵ و لێکهەڵوەشانەوەی خێزان ....هتد.

**دەرئەنجام** :

١. ئیدارەی ڕاپەڕین یەکێکە لەو شوێنانەی کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەشوێنی ناچاری دانیشتوان دانراوە بۆ کۆچ کردن لێی واتە شوێنی دەرپەڕاندنی دانیشتوانە بۆ دەرەوەی هەرێم.

٢. هەڵکەوتەی جوگرافی و نزیکی لەسنوری ئێران و بونی چەندین ناوچەی نایاسایی هەر لەکۆنەوە هۆکارێک بوە بۆ ئاشنابونی دانیشتوان بە کۆچ.

بەرزی زۆری ژمارەی ڕێژەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین هۆکارێک بوە کە بەشێکی زۆری ئەوانەی کە کۆچ دەکەن خەڵکی ئەم سنورەبن بەجۆرێک ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٤١٥٤٨٤) ڕێژەی (٢٢,٣%) دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە.

٣. نارێکی دابەشبونی دانیشتوان و بەرزی ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی گەنج و دوری ئەم شارە لە سەنتەرە گرنگەکانی دانیشتوانی هەرێم و عێراق هۆکارێک بوە بۆ کۆچکردن.

٤. بەرزترین ژمارەی قوربانیان لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ و ٢٠٢٠-٢٠٢١ بوە ئەمەش بۆ زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نارێکی بارودۆخی ئەو کاتانە هەرێمی کوردستان و ئیدارەی ڕاپەڕین لەڕوی ئابوری و سیاسی و ...هتد.

**پێشنیار و چارەسەر:**

١. جێگری سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی....هتد. ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان، کەمکردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە لە بێکاری و هەژاری.... هتد.

٢. ڕێکخستنی دوبارە کۆکردنەوەی داهات و دوبارە دابەشکردنەوەی بەشێوەیەکی دادگەری بەسەر سەرجەم سێکتەرەکاندا.

٣. برەودان بەڕەوتی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان.

٤. دروستکردنی پەیوەندی ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی قوربانییەکانی کۆچیان لێدەکەویتەوە، بۆ گەڕانەوەی قوربانییەکانەکان.

٥. بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین باشترین و گونجاوترین و ئاسانترین کرداری پەرەپێدان بریتییە لە جێبەجێکردن و تەواوکردنی نزیکەی (٢٠) بەنداوە پێشنیارکراوانەیە بۆ هەریەکە لە قەزاکانی ڕانیەو پشدەر.

٦. هێنانەدی یەکسانی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و کردنەوەی پرۆژەی گەورەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و گەشتوگوزاری... هتد. بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجانی ئیدارەی ڕاپەڕین و کەمکردنەوی دیاردەی کۆچکردن.

بە تەنها جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارانە سەرجەم کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزارو سامانی ماسی و بە خێوکردنی ئاژەڵ دەگاتە ئاستێک کە بوژانەوەیەکی گەورە لە ناوچەکە بەدیدەکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Effect of the Geographical Place of Raparin Administration on the Migration of Young People out of Kurdistan Region

**Hemn Hussein Ismael[1] - Dler Khalid Hassan[2] - Roshna Muhammad Ahmed[3]**
**Pishtiwan Shafiq Ahmad[4]**

[1+2+3+4]Geography Department, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Migration is considered a significant source of unnatural population growth and, after natural increase, is a major factor responsible for unnatural population growth. It includes changing the places of residence of individuals, groups, and families and settling them in a new environment, in order to provide a better life and welfare than in their previous places of residence. There are many different kinds of migration, which are caused by a number of factors, and have many negative and positive consequences.

This research is devoted to the impact of the geographical situation of the Raparin administration on youth migration abroad. The Raparin administration is one of the new administrations in Sulaymaniah province. This study aims to show the effect of geographical situation on this phenomenon, which is due to a number of geographical factors that have affected the increase in migration in the region, including: geographical situation, nearness to a neighboring country, distance from urban centers, abundance of population, population composition, lack of investment projects, etc. With the present statistics of this migration in recent years, suggestions and solutions to reduce the negative consequences of this phenomenon have been made.

**Keywords:** Geographical Position**,** Youth Migration**,** Migration Victims**,** Raparin Administration**,** Population Composition.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35**

## سەرچاوەکان:

ابو عيانة، فتحى محمد(١٩٨٧)، مشكلات السكان في الوطن العربي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، القاهرة.

احمـد، ڕۆشـنا محمـد، شـیکردنەوەی جوگرافی بۆ تۆڕی ڕێگاکانی گواستنەوە لە ئیدارەی ڕاپەڕین (بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافییەکان (GIS)، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٩. بڵاونەکراوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئاماری دیموگرافی و ژمارەی دانیشتوانی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی بەپێی گروپی تەمەن و ڕەگەز و قەبارەی خێزان و ڕێژەی شارنشین و ژمارەی دانیشتوان و خێزان و ڕووبەر بۆ ساڵی(٢٠١٩)، چاپکراوە بە کۆمپیتەر(بڵاونەکراوە)، بەبێ ژمارەی لاپەڕە.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئاماری دیموگرافی و ژمارەی دانیشتوانی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی بەپێی گروپی تەمەن و ڕەگەز و قەبارەی خێزان و ڕێژەی شارنشین و ژمارەی دانیشتوان و خێزان و ڕووبەر بۆ ساڵی(٢٠١٩)، چاپکراوە بە کۆمپیتەر(بڵاونەکراوە)، بەبێ ژمارەی لاپەڕە.

بەگ، بکر علی، سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکان بۆ هەرێم، چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٣/٧.

جەبار، ئاسۆ، کۆچ و سەفەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی ٢٠٠١.

حسـێن، بێستون ئەحمەد، (٢٠١٩)، هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنان، ئاماری بڵاوکراوە ٢٠٠٦-٢٠٢١.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، ئابی٢٠١٤.

حمە یوسف، عطا حمەلاو (٢٠١٥)، پارێزگای هەڵەبجە، لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای دانیشتوان (١٩٧٧-٢٠٠٩)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

سهاونەو سمحە، د.فوزی عبد وموسا عبودە، و هیوا ئەمین شوانی، جوگرافیای دانیشتوان، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

شوانی، محمد، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

طە، ڕزگار خضر، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاری)، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠١٧. بڵاونەکراوە.

غفور ابراهیم، عبدالمجید، کۆمەڵناسی دانیشتوان توێژینەوەیەکی شیکاری ئاماری، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠١٥.

کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان، داتایی بڵاونەکراوە،٢٠٢٢

محمد، بيان علي حسين، (٢٠٠١)، سكان مدينة السليمانية (دراسة الجغرافية)، رسالة ماجستر، (غير منشورة)، كلية أداب، جامعة بغداد.

محمد، دانا عباس، نواندنی نەخشەیی بۆ دانیشتوانی قەزای پشدەر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠٢٢. بڵاونەکراوە.

مهدی، سیروان محمد، شیکردنەوەیەکی شوێنی نشیگە دیهاتیەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپیدانیان، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠١٧. بڵاونەکراوە.

نەقشەبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٣.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35

## پەراوێزەکان:

(*) ئیـــدارەی ڕاپەڕیـــن، یەکـــێکە لەو ئیـــدارە نـــوێ و ســـەربەخۆییانەی، کە بە بڕیـــاری ئەنجـــومەنی وەزیرانـــی هەرێمـــی کوردســـتان، بە نوســـراوی ژمـــارە (١٦٥٠) لە ڕێکەوتـــی (٢٠١١/٢/٨) دروســـتکراوە و ســـەر بە پاریزگـــای ســـلێمانییە. پێکهاتوە لە هەریەک لە قەزاکانی (ڕانیە و پشدەر).

(*) هۆکاری وەرگرتنی ئەم ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرترین قوربانی کۆچ لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لەو ماوەیەدا بوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper35